دەستگیرکردنی چوار تیرۆریست لە ئەنبار و نەینەوا و کەرکوك

ئەمڕۆ چوارشەممە، بەرپرسێکی باڵای هێزەکانی سەربازی دەستگیرکردنی چوار تیرۆریستی لە ئەنبار و نەینەوا و کەرکوك ڕاگەیاند.

بەرپرسەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا باسیکردووە: لە بەدواداچوونەکی چڕوپڕ و بەپێی زانیارییە هەواگریی وردەکان لەلایەن بەشی هەواگری ئێپڕاسیۆنەکانی کەرکوك و لقی هەواگری فیرقەی (5و 10 و 15)، بە هاوکاری هێزە ئەمنییەکان و لێگەی دانانی بەسی توند، توانرا (4) تیرۆریستی داواکراو بەپێی بگەکانی ماددەی (4/تیرۆر) لە قەزاکانی ڕومادی و ڕوتبە و ناحیەکانی ڤیاز و عیازیە دەستگیر بکەن، کە سەر بە چەتەکانی تیرۆریستی داعشن.

ئاماژەی بۆشکرد: بەپێی یاسا ڕادەستی دەسەلاتێنی داواکار کراون.